# ئیتر سوور، ڕەشێکی نوێیە

نالە حەسەن
(کەنەدا)

مرۆڤێکی بەرزە فڕ
فڕینێکی بەرز بەرز بەرز
مرۆڤێکی باڵا و بڵند
بڵند تر
لە تەمە سپییە سورمەییەکانی سەرمەدی
بڵندتر
لە سنەوبەرە سەوزەکانی عەشق
مرۆڤێک
دەمارەکانی ئارەزووی لە ئاوریشم و
چاوەکانی لە تریفە
پەنجەکانی لە با و
ڕوحی لە تەمتومان
مرۆڤێک سوورتر لە بەفر
بێ هوودەتر لە باران
تەنیاتر لە خودا
ئەو مرۆڤە فێری کردم
بە جیا لە هەموو کەس
بە جیا لە هەموو شتێک
بە جیا لە دوێنێی تۆ
بە جیا لە سبەینێی خۆم
بیر بکەمەوە
فێری کردم
لاسایی هیچ کەسێک و
بە زمانی هیچ کەسێک قسە نەکەم
تەنها خۆم بم و هیچی تر
ئەو مرۆڤە باڵا زراڤە
فێری کردم
لە هەموو شتێک بە گومان بم و
گومان لە هەموو شتێک بکەم
گومان لە ئاو
کە هەمیشە
بە یەک ئاواز سەمفۆنیاکانی دەژەنێ
گومان لە خۆرەتاو
کە هەمیشە
لە دیوێک دەردەکەوێ و



لە دیوەکەی تر ئاوا دەبێ
گومان لە بەرد
کە هەمیشە
ژیان دەمرێ
یان مردن زیندوو دەبێتەوە
ئەو هەرگیز وتەیەک لە دەمی دەرنایە
من بە گومانم لە خۆم
کە بێ مەبەست هاتمە دنیا
بە گومانم لە تۆ
کە بێ مەبەست جێت هێشتم و
بێ مەبەستیش لێم دوور کەوتییەوە
یان ئەو دەمانەی
بۆم دەنووسی و دەڵێی
تۆ لە کوێی شاعیرە ڕۆژهەڵاتییەکەم
من هەر بەدواتدا دەگەڕێم و ناتدۆزمەوە
لە کاتێکدا /
کێڵگە ئارامەکانی
نائومێدی و گەردەلوول و ڕەشەبا
ماڵی هەمیشەیی منن
من حەزدەکەم
ئەبەدییەتی هەموو شتە ئەبەدییەکان بگۆڕم
یان / حەقیقەتی هەموو شتە حەقیقەتەکان
توور هەڵبدەم
بۆیە هەمیشە ئارەزوو دەکەم
وەرزێک لە باکووری خەونەکانم بم
وەرزێکی تر / لە باشووری بۆشایی
وەرزێک لە پەرستگەکان بەرماڵ ڕابخەم
وەرزێکی تر / حۆرییەکانی بەهەشت لە خودا بتۆرێنم
من دەمەوێت
خۆم بدۆزمەوە، ئینجا بەدوای تۆدا بگەڕێم
یان کاتێک
کە لەگەڵ تۆدا پیاسە دەکەم
هەست بکەم
ئەوە منم لە تەنیشت تۆوە ڕێ دەکەم
لە تەنیشت تۆوە ڕێ دەکەم و قسەت بۆ دەکەم
قسەت بۆ دەکەم و لەگەڵ تۆدا پێدەکەنم
یان تۆ
کاتێک لە تەک مندا ڕادەکشێی
هەست بەوە بکەی
ئەوەی تۆی
لە تەک منا ڕاکشایت و
ئارەزوو دەکەی زێتر لە چاوەکانم ڕابمێنی
ئیدی /
نە من لە ناو تۆدا ون ببم
نە تۆش لە نێو مندا خۆت نەناسیتەوە
یان گوڵەباغم
با لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەینەوە
لاپەڕەیەکی سپی نا
لاپەڕەیەکی شین شین
چی دەبێ
با ئەستێرەکانی ئومێدمان
لە نێو دەریاکانەوە دەرکەون
کانییە سازگارەکانی عەشقیش
لە ئاسمان
با ڕووناکی چاوەکانمان
لە نێو شەوە ئەنگوستەچاوەکان بدۆزینەوە
پێکەنین و خەونەکانیشمان
لە نێو قووڵایی گریان
گوڵەباغم...
با بەس خۆمان بین و هیچی تر...!

**گەلاوێژی / ٢٠١٦**

**تێبینی:**
**بۆ ناوونیشانی ئەو قەسیدەیەم سوودم لە تایتڵی درامایەکی ئەمریکی بینیوە.**